بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کـوردستان


رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـانە / وەزارەتی داد دەری دەکـات

ژمـــارە (٤٢) ســــاڵی چـــوارەم ٢٠٠٣/٥/٢٧ ز (٦)ی جۆزەردان ٢٧٠٣ کـوردی (٢٦)ی ربیع الأول ١٤٢٤ کـــۆچـی


## لـەم ژمـارەیـەدا :

42


- **یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٣** ل٢
  دانانی رۆژی ٩/٤/٢٠٠٣ (رۆژی ئازادکردنی عێراق) بە پشووی رەسمی لە هەرێم
- **یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٣** ل٣
  دیاریکردنی چارەنووسی یاسایی بەرپرس و دەست و پێوەندەکانی رژێمی دکتاتۆری پێشوو
- **یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٣** ل٦
  راماڵینی ئاسەوارە بە زۆر سەپێنراوەکانی بەرکارخستنی سیاسەتی پاکتاوکاری رەگەزیی (بە عەرەبکردن) لە کوردستانی عێراق
- **بڕیاری ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان** ل٩
  ئیلغاکردنی باری ناکاو لە هەرێمدا
- **بڕیاری ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان** ل١٠
  ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان هەندێ لە لیژنە هەمیشەییەکاندا
- **بڕیاری ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان** ل١١
  سوپاسنامە بۆ هێزی ئاشتی پارێز و داوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا
- **بڕیاری ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان** ل١٢
  درێژکردنەوەی ماوەی خولی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەران بۆ ماوەی ساڵێک
- **رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستان** ل١٣
  سەبارەت بە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٢



www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

٢٢٣٠٣٥١,٢٢٣٠٣٥٢,٢٢٣٠٣٥٣,٢٢٢٠٥١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد (٤٢) السـنـة الرابعة ٢٠٠٣/٥/٢٧م (٦) جۆزەردان ٢٧٠٣ ك (٢٦) ربيع الأول ١٤٢٤ هـ

في هـذا العـدد

قـانـون رقـم (١٧) لسـنـة ٢٠٠٣ ص١٥
أعتبار يوم ٢٠٠٣/٤/٩ (يوم تحرير العراق) عطلة رسمية في الأقليم

قـانـون رقـم (١٨) لسـنـة ٢٠٠٣ ص١٦
تحديد الوضع القانوني لمسؤولي و أعوان النظام الدكتاتوري البائد

قـانـون رقـم (١٩) لسـنـة ٢٠٠٣ ص١٨
إزالة آثار الأجراءات القسرية لتنفيذ سياسة التطهير
العرقي (التعـريـب) في كوردستان ـ العراق

قرار برلمان كوردستان رقم (٣٥) لسـنـة ٢٠٠٣ ص٢٠
الغـاء حالة الطوارىء في الأقليم

قرار برلمان كوردستان رقم (٣٦) لسـنـة ٢٠٠٣ ص٢١
اجـراء تنقلات بين اعضاء بعض اللجان الدائمة

قرار برلمان كوردستان رقم (٣٧) لسـنـة ٢٠٠٣ ص٢٢
توجيه الشكر لقوة حفظ السلام و طلب إنهاء تواجدها في الأقليم

قرار برلمان كوردستان رقم (٣٨) لسـنـة ٢٠٠٣ ص٢٣
تمديد مدة دورة مجلس نقابة المحامين لمدة سنة

تعليمات المجلس الأعلى للرياضة في أقليم كوردستان رقم (١) لسـنـة ٢٠٠٣ ص١٣
بخصوص قـانـون رقـم (١٢) لسـنـة ٢٠٠٢

www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

٢٢٣٠٣٥١,٢٢٣٠٣٥٢,٢٢٣٠٣٥٣,٢٢٢٠٥١٢

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ١٧**
**ڕۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠٣/٥/١٢**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی پەنجاوشەش لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٥/١٢)یدا بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یـاسـای ژمــارە( ١٧ )ی ســاڵی/٢٠٠٣

**ماددەی یەکـەم:**
ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ڕۆژی ئازادکردنی عیراق لە ڕژێمی دیکتاتۆریی سەرکوتکار دەکرێ بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

**ماددەی دووەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سـێیەم:**
ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی دەرهێنانییـەوە دەخرێتـە بـەرکارو لـە (وەقـایعی کوردسـتان) دا بـڵاو دەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ١٨**
**رۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠٣/٥/١٢**

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەو یاساکارییەش کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق ، لـە دانیـشتنی ژمارە (٢٤)ی رۆژی (٢٠٠٣/٥/١٢) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەلاتەش کـە بڕگـە (٣)ی مـاددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، بڕیـاری دەرهێنـانی ئـەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژمــارە ( ١٨ )ی سـاڵی / ٢٠٠٣

یاسای دیاریکردنی چارەنووسی یاسـایی بـەرپرس و دەسـت و پێوەنـدەکانی رژێمـی دیکتـاتۆری پێشوو

**ماددەی یەکـەم :**

چارەنووسی یاسایی بەرپرس و دەست و پێوەندەکانی رژێمی دیکتاتۆری پێشو کـە لـە هـەرێمی کوردستانی عێراقدان ، ئەوانەیان کە بە پیر لێبوردنە گەشتییەکەی دوای راپەڕینە شـکۆدارەکەی ساڵی (١٩٩١) ەوە نەهاتن ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

یەکەم : بۆ ماوەی (١٥) پازدە ساڵ لە مانەی خوارەوە بێبەش دەبن :-

١. دەنگدان و خۆپالاوتن لە هەڵبژاردنە گشتیەکان و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنگـەلی محـەللی و شـارەوانی و کۆمەڵـەو سـەندیکاکان و ئەنـدامێتی ئەنجومەنگـەلی ئیـدارەی موئەسەسـات و شیرکەتە گشتی و تێکەڵەکان.
٢. لە ئەستۆگرتنی وەزیفەگەلی ئیداری و سیاسی.
٣. چەك هەڵگرتن یان بە خاوەنبوونی چەك.
٤. هەڵگرتنی ویسانگەل و نیشان و دەدالیا و سوودمەندبوونیش لە ماف و ئیمتیازەکانیان.
٥. مافی داخڵبونی حزبگەلی سیاسـی و رێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤ و نوانـدنی هـەر بزاڤێکـی سیاسی.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. مولّكداربوونی ئامرازەكانی راگەیاندن ، بە نموونە ، وەك (رادیۆ ، تەلـەفزیۆن ، رۆژنامـە ، گۆڤار و ئامرازەكانی كاركردن لە رای گشتی ) یان ئیش كـردن لـەم بوارانـەدا ، سـا ، بەهـەر سیفەتێك ، دەبیّ ، ببیّ.

٧. هاوپـشك بـوون بـە شـێوەیەكی راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ لەهـەر ئیلتزامـیّ لـە گـەلّ دایەرەگەل حكومەت و دەزگاو شیركەتە گشتی و شیركەتە تێكەلّەكاندا.

٨. كاركردن لە ناوەندی زانكۆییدا ، بەهەر سیفەتیّ ، دەبیّ ، ببیّ.

**ماددەی دووەم :**

بۆ مەبەستی بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم یاسایە ، ئەمانەی خوارەوە بـە دەسـت و پێوەنـدی رژێمی دیكتاتۆری پێشوو لە قەلّەم دەدرێن :

**یەكەم :** لە بواری حكومیدا ، هەركەسیّ:

١) پلەوپایەیـەكی لـە ئەنجومـەنی سـەركردایەتیی شـۆڕش و دایەرەگـەلی نووسـینگەكانیدا بووبیّ.

٢) پلەوپایەی وەزیر یان درەجەی وەزیری بووبیّ.

٣) دەرەجەی تایبەتی لە وەزیفەیەكی سیاسیدا بووبیّ ، یان لەبەر ئیعتیباراتی سیاسـی یـان ئەمنی ئەو دەرەجەیەی پیّ بەخشرابیّ.

٤) لە دامودەزگـای ئـەمنیی سـەركوتكاری وەك (موخابـەرات ، ئـەمنی تایبـەت ، هـەوالّگریی سەربازی ، ئەمنی گشتی ، یان مەفرەزە تایبەتـەكانی ئـەو دەزگایانـەدا ، یـان موستەشـاری فەوجەكانی دیفاعی وەتەنیدا ئیشی كردبیّ.

٥) وەك ئەستادێكی زانكۆ یان موعید یان وانەبێژێك ئیشی كردبیّ و پەیوەندیی بـە یـەكیّ لـە دەزگا ئەمنییەكانەوە بووبیّ.

**دووەم :** لە بواری حزبگەلی سەر بە دەسەلاّتدا :

١. پلەوپایەی ئەندامێـتی قیادەی قوتری بووبیّ ، یان لـە یـەكیّ لـە نووسـینگەكانیدا ئیـشی كردبیّ.

٢. پلەی ئەندامێتیی لە قیادەی فەرع یان شوعبە یان فیرقەدا بووبیّ.

٣. هەر ئەندامێكی حزب یان هەر كەسێكی سەر بە حزبەكـە ، سـاغ كرابێتـەوە لەسـەری كـە هاوولاّتیانی چەوساندبێتەوە یان تۆقاندن بیّ یان خەبەری لێیان دابـیّ و ، بـووبیّ بـە مایـەی گرتنیان یان ئەشكەنجەدانیان یان كوشتنی هەر كەسێكیان.

٤. بووبیّ بە فیدائییانی صدام.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان

٥. وەك كادیرێكی قیادی لە حزبـە كارتۆنیـەكانی گـویّ لـە مـستی حزبـی دەسـەلاّت (حزبـی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراكیی هەلّوەشاوە) دا ئیشی كردبیّ.

www.mojkurdistan.com

٦. ساغ كرابێتەوە لەسەری كە ئیدارەی یان ئینتیمای حزبی دەسـەڵاتی كردبـێ لـە هـەرێمی كوردستاندا ، یان لە دوای راپەرێنە شكۆردارەكەی ئاداری (١٩٩١) یش لە چالاكیدا بەردەوام بووبێ.

٧. ساغ كرابێتەوە لەسەری كە لە فیرقەكانی ئیعدامدا ئەندام بووبێ یان بەشداربووبێ.

٨. ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقی یان ئەندامی ئەنجومەنی تەشـریعی یـان تـەنفیزی كوردستانی عێراق بووبێ.

٩. لە سلكی دیبلۆماسیی عێراقیدا ئیشی كردبێ.

**مادەی سێیەم :**

هـەر كەسـێ ئـەم یاسـایە بیگرێتـەوە و بـە ڕەفتـار بـووبێ بـە مایـەی گیـان لـە دەسـتدانی یـان زیندانكردنی یان ئەشكەنجەدانی مرۆڤێك ، ئەوە ناشێ نە بە یاساكاری و نە بە بڕیارێكی پاشـكۆ مافی گشتی و مافی كەسەكیی بە سەرەوە بچێ و لێیان بە بێ ئارەق دەرچێ.

**ماددەی چوارەم :**

هەر كەسێ لە حوكمەكانی ئەم یاسایە لابدا سـزای حەپـسی بەسـەردا دەدرێ لـە (٣) سـێ سـاڵ كەمتر نەبێ.

**ماددەی پێنجەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەركار.

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە لەسەر وەزارەتەكان و لایەنە پێوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دا دەخرێتە بەركار.

**د.رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**به نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**به نـاوی گەلـــەوە**
**ئه نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عیـراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ١٩**
**رۆژی دەرهێنـــان : ٢٠٠٣/٥/١٩**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) له یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی له ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانی، لە دانیشتنی ژمارە(٢٥)ی رۆژی (٢٠٠٣/٥/١٨)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش که برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، برِیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسـای ژمـارە( ١٩ )ی سـاڵی٢٠٠٣**
**یاسـای راماڵینی ئاسـەوارە بە زۆر سـە پێنراوەکانی بەرکارخسـتنی**
**سـیاسـەتی پاکتاوکاریی رەگـەزی( بەعەرەب کـردن )لـه کوردسـتانی عێـراقـدا**

**ماددەی یەکـەم:**

هـەموو ئـەو ئاسـەوارە بـەزۆر سـەپێنراوانەی کـە لـە رەفتـاری حکومەتـە دیکتاتۆرییـە یـەك لـە دوایەکەکانی عیراقەوە بـۆ گـۆڕینی پێکهاتـەی نەتـەوەیی و بـە عـەرەبکردنی کوردسـتانی عـیراق پەیدابووە، هەر هەمووی رادەماڵرێ و، دەچنەوە سەر بارودۆخی جارانی پێش بەعەرەب کردنیان و، بۆ ئەو مەبەستەش ئەمانەی خوارەوە دەکرێن.

**یەکـەم:** هەر ماڵ و موڵکێ کە بە بیانووی ئینتیمای نەتەوەیی یان بزاڤی دژ بە سیاسەتی رژێمـی دیکتاتۆری موسادەرە کرابێ یان دەستی بەسەردا گیرابێ دەستیان لێ هەڵدەگیرێ و دەدرێنـەوە بە خاوەنە شەرعییەکانی خۆیان.

**دووەم:** هـەر هاووڵاتییـەکی غـەیری کـورد کـە هێنـرابن بـۆ کوردسـتانی عـیراق و بـە ئـەزمی بەرکارخستنی سیاسـەتی بەعـەرەب کردنـی پارێزگـای کـەرکوك وناوچـە کوردیـەکانی پارێزگـای دیالەو نەینەواو هەندێ بەشی پارێزگای هەولێرو دهۆك نیشتەجێ کرابن و یـەکێ لـەم حاڵەتانـەی خوارەوە بیگرێتەوە، ئەوە، دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە لێوەی هێنراوە.

١–هێنرابێت و له کوردستاندا نیشتەجێ کرابێت بۆ بە بەعسی کردنی هاووڵاتیان.

٢–کـارکردن لـە دەزگـا ئەمنییـە سـەرکوتکارەکانی وەك (ئـەمنی تایبـەت – موخابـەرات – هەواڵگریی سەربازی – ئەمنی گشتی – فیدائییانی صدام) دا.

٣–کارکردن لە دامودەزگاو دایەرەگەلی هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ.

٤–هێنرابـێ بـۆ موسـادەرەکردنی مـافی دامەزرانـدنی هاووڵاتیـان لـە وەزیفـەداو جێگـای ئـەوانی گرتبێتەوە لە ئیشغالکردنی دەرەجە بەتاڵەکاندا.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٥–جێگای یەکێ لە فرمانبەرە دانیشتووە ئەسڵییەکانی ناوچەکەی گرتبێتەوە کە نەفی کرابێ یان گوازرابێتەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە یان لە وەزیفە دەرکرابێ یـان فەسـڵ کرابـێ یـان خانەنـشین کرابێ یان حەپس کرابێ.

٦–لە ریزەکانی هێزی گاردی کۆماریدا لە شاڵاوەکانی جینۆسایدی کوردستاندا هاوبەشی کردبێ.

٧–لەو یەکە سەربازییانەی سوپای عیراقدا کاری کردبێ کە بەشداریی شاڵاوەکانی جینۆسایدیان لە کوردستاندا کردبێ.

٨–ئەوەی لە چوارچێوەی شەپۆلە بە تەگبیرەکانی کۆچی رەسمیدا لە پارێزگاکـانی دیکـەوە بـۆ کوردستان هێنرابێ بە مەبەستی بەرکارخستنی سیاسەتی بەعەرەب کردن، سـا بـە هـەر جـۆری، هەروا بە ئارەزووی خۆی هاتبێ یان بەرامبەر بە پاداشتی ئیمتیازاتی ماددی یان مەعنەوی.

**سـێیەم:** کـارکردن بـۆ قەرەبووکردنەوەیـەکی عادیلانـە لەلایـەن حکومـەتی عیراقـەوە بـۆ هـەموو زەرەرمەندانی ئەو سیاسەتە زۆرملێیانە، کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

گەڕاندنەوەی بەکارهێنانی ناوە ئەسلییەکانی ئەو جێگاو ناوچەو گوندو شارۆچکەو شارو ناحیـەو قەزایانەی کە پێش بەعەرەب کردنەکە بەکار دەهێنران.

**ماددەی سێیەم:**

هەر گوندو شـارو یەکەیـەکی ئیـداری کـە لـە پارێزگاکـانی کوردسـتان پـچڕێندرابێ دووبـارە بـەو پارێزگایانەوە دەبەسترێنەوە کـە پـێش بەرکارخـستنی بەعـەرەب کردنـی زۆرەملـێ بـۆ تێکـدانی پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگاکانی کەرکوك و نەینەواو دیالە دابڕابوون.

**ماددەی چـوارەم:**

ناسنامەی نەتەوایەتی دەگەڕێنرێتەوە بۆ هـەر هاووڵاتییـەك کـە بـەزۆر پێـی کـراوە بەعـەرەب و، تۆمارگەلی ئەحوالی مەدەنیش بەو پێیە راست دەکرێنەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکـەم:** حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە، ئـەو هاووڵاتییـە عیراقیـە عەرەبانـە ناگرێتـەوە کـە لـەم دوو حاڵەتەی خوارەوەدا لە ناوچە بەعەرەبکراوەکاندا جێگیربوون:

١–ئەگەر ئەو هاووڵاتییە عەرەبە لە کاتی سەرژمێرییە گشتییەکەی سـاڵی (١٩٥٧)دا دانیـشتووی کوردستان بووبێ و لە کوردستان بووبێ.

٢–ئەگەر لە کوردستان جێگیر بووبێ و، بەر لە ١٩٦١/٩/١١ تۆماری ئەحوالی مەدەنیی خۆی بـۆ کوردستان گواستبێتەوە.

**دووەم:** ئەو هاووڵاتییە عیراقییە عەرەبانـەی کـە بڕگـەی (یەکـەم)ی مـاددەی پێنجـەمی سـەرەوە دەیانگرێتەوە هەموو مافێکی مەدەنی و سیاسی و رۆشنبیری وئابووری و کۆمەڵایـەتییان دەبێـت هەروەك هاووڵاتیانی کوردستان.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم:**

پێویسته لەسەر ئەنجومـەنی وەزیـران ئیجرائـاتی پێویـست بـۆ بەرکارخـستنی حوکمـەکانی ئـەم یاسایە وەربگرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**
**ژمارەی بـڕیـار : ٣٥**
**ڕۆژی بـڕیـار : ٢٠٠٣/٤/٢٠**

## " بـڕیـار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی پەنجا و شەش لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٤/٢٠) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەکـەم** : ئـەم بـاری ناکـاوەی کـە لـە کوردسـتانی عێراقـدا بـە پێـی بڕیـاری ژمـارە (٣٤)ی ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١٩ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق سـەپێنرابوو ، لا دەبرێـت ، چـونکە هۆکارەکانی سەپاندنی نەمان.

**دووەم** : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**سێیەم** : پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چوارەم** : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکار و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) یشدا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی كوردسـتانی عێـراق**
**ژمارەی بـڕیــار : ٣٦**
**ڕۆژی بـڕیــار : ٢٠٠٣/٥/٦**

# " بـڕیــار "

پشت بە حوكمی ماددەی (٣٨)لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و، دوابەدوای بڕیاری ژمارە(٢)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/٦، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٥/٦) یدا، ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەكـەم:** (صلاح الدین عبدالحمید)لە ئەندامێتیی لیژنەی كاروباری تەندروستی وكۆمەڵایەتی لابرێت و بخرێتە سەر لیژنەی كاروباری پەروەردەو فێركردنی باڵا.

**دووەم:** (زهرا حاجی طه)بخرێتە سەر لیژنەی پەروەردەو فێركردنی باڵا.

**سـێیەم:** (طارق محمد سعید)بخرێتە سەر لیژنەی كاروباری یاسایی.

**چـــوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقراركردنییەوە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/٥/٦ دەخرێتە بەركارو لە ڕۆژنامەی (پەرلەمان)و (وەقایعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە.

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێـراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ٣٧**
**رۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٣/٥/١٢**

## " بــڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی پەنجاوشەش لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/٥/١٢)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکـەم:** ئـەنجـومـەن سـوپـاس وپـێـزانـیـنـی خـۆی بـۆ هـێـزی ئـاشـتی پارێزی Peace Monitoring Force (PMF) دەردەبڕێت بۆ ئەو ڕۆڵە بەرچاوە و ئـەو کوششە بێ وچانەی کـە بـە پێنـاوی دابینکردنـەوەی ئاشـتی و تـەبایی لـە هـەرێمی کوردسـتانی عێراقدا بە خەرجی داوە.

**دووەم:** ئەنجومەون داوا دەکات لە هێزی ئاشتی پارێز کە کۆتایی بە هـەبوونی خـۆی لـە هەرێمـدا بهێنێ و بگەرێتەوەبۆ کۆماری تورکیای دۆست، چونکە ئەرکوفرمانی خۆی تەواوکردووە .

**سێیەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چـوارەم:** ئـەم بڕیـارە لـە رۆژی دەرهاتنییـەوە دەخرێتـە بـەرکارو لـە (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێـراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ٣٨**
**ڕۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٣/٥/١٨**

## " بــڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی برگـە (١)ی مـاددەی پەنجاوشـەش لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٥/١٨)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا:

**یەکـەم:** ئەنجومەنی سەندیکای پـارێزەرانی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، لـە ڕۆژی تـەواوبوونی ماوەی خولی ئێستایەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ئیدارەی کاروباری سەندیکاکەدا بەردەوام دەبێ.

**دووەم:** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**سێیەم:** پێویستە لـەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چـوارەم:** ئەم بڕیـارە لــە ڕۆژی دەرچـوونیەوە دەخرێتـە بـەرکارو لــە (وەقـایعی کوردسـتان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٣
## لەسەر یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٢

پشت بە ئەحكامی مادە (١٤) لە یاسای ئەنجومەنی باڵای وەرزش ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٢ ، ئەو ڕێنمایەی خوارەوەمان دەركرد :

١. بەرپرسانی هۆبەكانی نووسینگەی تەنفیزی و یانە و یەكێتیە وەرزشیەكان و نووسینگەی جێگر و بەرپرسی پەیوەندییەكان و ڕاگەیاندن دەبێ شارەزایی تەواویان هەبێت لە بواری وەرزشی.

٢. ئەندامانی كارا لەو شوێنانەی لە بڕگە (١)ی سەرەوە باسكراون دەبێ خاوەن ئەزموون بن لە بواری وەرزش و ڕابردوویەكی نیشتمانیی و خورەوشتی جوانیان هەبێت و بە لایەنی كەم بڕوانامەی ئامادەییشی هەبێت.

٣. ئەو یانەیەی مۆڵەتی یاسایی پێ دەدرێت دەبێ ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت.

**یەكەم** : شوێنێكی گونجاوی هەبێت وەك بارەگا بە كاری بهێنێ و بە لایەنی كەم سێ چالاكی تێدا ئەنجام بدرێت.

**دووەم** : چەند تیپێكی وەرزشی هەبێت و بە لای كەم لە پێنج جۆر یاری وەرزش كەمتر تێدا نەبێت.

**سێیەم** : بۆ یانەیەكی تر لە هەمان ناوچە ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان بكرێت.

**چوارەم** : دەستەی كارگێری مرۆڤی لێهاتوو و خاوەن ئەزمون بن لە بواری وەرزش و بە لای كەم بڕوانامەی ئاماددەییان هەبێت و و مەحكوم نەبن بە تۆمەتی لەكەدار بە شەرەف.

**پێنجەم** : ئامانجی دانانی یانەكە بخەنە ڕوو بە گوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامێكی ئامادەكراو.

**شەشەم** : دارایی و كارگێری یانە لە ژێر چاودێری دیوانی دارایی هەرێم بێت.

**حەفتەم** : ئەنجومەن دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە تۆماركردنی داخوازی بڕیاری خۆی لەو بارەیەوە بدات ، لە حاڵەتی ڕەت كردنەوەی داخوازیەكە خاوەن داخوازیە ڕەت كراوەكە بۆی هەیە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی بڕیارەكە لە دادگای تایبەتمەند (اعتراز) لەسەر بڕیاری ئەنجومەن بكات.

٤. أ ـ **سەرۆكایەتی یەكێتییەكان دەكرێتە دووبەش :**

ـ یەكێتیە ناوەندەكانی وەرزشی هەرێم.

ـ یەكێتیە لقەكانی وەرزش.

ب ـ تەنها یەكێتیە ناوەندەكانی وەرزشی هەرێم دەبنە پێكهاتەی دەستەی باڵای وەرزش بۆ حوكمەكانی بڕگە (١) یەكەم لە مادەی دووەم لە یاسا.

٥. هەموو یەكێتیە ناوەندییەكان و لقەكان بە هەڵبژاردن دادەمەزرێن لە لایەن دەستەی گشتی یەكێتی كە لە مانەی خوارەوە پێك دێن :

**أ ـ یەكێتیە لقەكان :-**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

١. هەر یەكێتیەك لە (٣) ئەندام پێك دێت.

٢. ئەندامانی یەكێتی پێشوو.

www.mojkurdistan.com

٣. نوێنەری یانە وەرزشیەکانی بەشداربوو لە چالاکی یەکێتی.
٤. ڕاهێنەرانی تیپی یانەکانی بەشدار بوو.
٥. ناوبژیوانی سەر بە یەکێتیەکە.
٦. یاریزانانی هەڵبژادنی پارێزگا بە مەرجی تەمەنیان لە (١٨ ساڵ) کەمتر نەبێت.

ب ـ **یەکێتیە ناوەندییەکان :**

١. یەکێتی ناوەندی لە (٥) کەس پێك دێت.
٢. ئەندامانی یەکێتی پێشوو.
٣. سەرۆکی یەکێتیە لقەکانی (پارێزگاکان).
٤. نوێنەری یانە وەرزشیەکانی بەشدار بوو لە چالاکی یەکێتی.
٥. ڕاهێنەرانی یانە وەرزشیەکان و ڕاهێنەرانی وەرزشیەکان بە هەموو جۆرەکانی.
٦. ناوبژیوانی پلە یەك و نێودەوڵەتی.
٧. یاریزانانی هەڵبژاردەی هەرێم.
٨. یەکێتی دانامەزرێ ئەگەر لە چوار یانە کەمتر بەشداری چالاکییەکانی بن.
٦. مەرجەکانی پالاوتن بۆ یەکێتیە لقەکان و ناوەندی هەر یانەیەك :

أ. پێویستە بە لای کەم بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت.
ب. خاوەن شارەزایی و بە ئەزموون بێت لە بواری وەرزش.
ج. خاوەن خورەوشتی چاك و پاك بێت ، دادگایی نەکرابێت بە تۆمەتی لەکەدار لە شەڕەف.
د. ناردن (ایفـاد)

٨. ئەنجومەن بۆی هەیە ئەندامانی ئەنجومەن لە هەمو دامودەزگاکانی یەکێتیە ورزشـییەکان ایفاد بکات بە پێی یاسای ناردنی فەرمانبەرانی هەرێم ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٨.

٩. تفرغی وەرزشی : بۆوەرزش وانان بۆ جێبـەجێکردن و بەشـداری کـردن لـە چـالاکیەکانی سەر بە ئەنجومەن بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت :

أ ـ ئەو کەسانەی سەر بە وەزارەتەکان و زانکۆکانن یەکسەر لە وەزارەت یان سەرۆکایەتی زانکۆ داوا دەکرێت تفرغیان پێ بکرێت.

ماوەی تفرغ بە خزمەت حساب دەکرێت لە هەموو ڕووێکەوە ، ئەگەر ماوەی تفرغ لە مانگێك پـتر بوو ، دەبێ بە ڕەزامەندی سەرۆکی وەرزشی باڵا یا ئەو کەسەی ئەو دەسەڵاتەی پێدەدا.

ب ـ پێش ئەنجام دانی چالاکی سەرۆکی یەکـەی کـارگێری پارێزگـا ـــ قـەزا ـــ ناحیـە ـــ ئاگـادار دەکرێتەوە بە بەستنی چالاکییەکە.

١٠. ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بلاْکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت.

**نێـچیـرڤـان بـارزانی**
**ســـەرۆکی ئە نجـومەنی بـالاْی وەرزش**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان – العراق
رقم الأصدار : ١٧
تاريخ الأصدار : ٢٠٠٣/٥/١٢

استناداً إلى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/٥/١٢إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم (١٧) لسنة ٢٠٠٣

**المادة الأولى:**

يكون يوم ٩/ ٢٠٠٣/٤ يوم تحرير العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عطلة رسمية في اقليم كوردستان –العراق.

**المادة الثانية:**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رۆژ نوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بإسـم الشـعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقـم الأصـدار : ١٨**
**تـاريخ الأصـدار : ٢٠٠٣/٥/١٢**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقـم (١) لـسنة ١٩٩٢المعـدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني، ومـا شـرعه المجلـس الـوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة(٢٤)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/٥/١٢وللصلاحية المخولـة لنـا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

## قـانـون رقـم ( ١٨ ) لســنـة ٢٠٠٣
## قـانـون تحديـد الوضـع القانـوني لمسؤولي وأعـوان النظـام الدكتاتـوري البائـد

**المادة الأولـى:**

يحدد الوضع القانوني لمسؤولي وأعوان النظام الدكتاتوري البائد المتواجدين في اقلـيم كوردسـتان العراق ممن لم يستجيبوا للعفو العام الصادر بعد انتفاضة عام ١٩٩١المجيدة على الوجه الآتي:

**أولاً:** يحرم لمدة خمس عشرة سنة من:

١. التصويت والترشيح في الانتخابات العامـة وانتخابـات المجـالس المحليـة والبلديـة والجمعيـات والنقابات وعضوية مجالس إدارة المؤسسات والشركات العامة والمختلطة.
٢. تولي الوظائف الإدارية والسياسية.
٣. حمل أو حيازة السلاح.
٤. حمل الأوسمة والنياشين والأنواط والتمتع بالحقوق والامتيازات الممنوحة له بموجبها.
٥. حق الانتماء الى الأحزاب السياسية ومنظمات حقوق الإنسان والقيام بأي نشاط سياسي.
٦. تملك وسائل الإعلام(الراديو– التلفزيون – الصحف – المجلات ووسائل التأثير على الرأي العام أو العمل فيها بأي صفة كانت.
٧. المشاركة في أي التزام مع الدوائر الحكومية ومؤسساتها والشركات العامة والمختلطة بصورة مباشرة أو غير مباشرة.
٨. العمل في الوسط الجامعي بأي صفة كانت.

**المادة الثانية:**

يعتبر من أعوان النظام الدكتاتوري البائد لأغراض تطبيق أحكام هذا القانون:

**أولاً:** في المجال الحكومي من:

١. شغل منصباً في مجلس قيادة الثورة والدوائر والمكاتب التابعة له.
٢. شغل منصب وزير أو درجته.
٣. شغل درجة خاصة في وظيفة ذات صبغة سياسية أو كان منحه الدرجـة المـذكورة لإعتبـارات سياسية أو أمنية.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٤. عمل في الأجهزة الأمنية القمعية (المخابرات –الأمن الخاص– الأستخبارات العسكرية–الأمن العامة أو المفارز الخاصة للأجهزة المذكورة ومستشار أفواج الدفاع الوطني).٥

٥. عمل أستاذاً جامعياً أو معيداً أو مدرساً وأرتبط بإحدى الأجهزة الأمنية.

**ثانياً:** في مجال أحزاب السلطة من:

١. شغل منصب عضو في القيادة القطرية أو عمل في إحدى مكاتبها.

٢. شغل مركز عضو في قيادة فرع أو شعبة أو فرقة.

٣. كل عضو في الحزب او منتمي له ثبت عليه اضطهاده للمواطنين او ترويعهم او الوشاية بهم أو إرهابهم و تسبب بتصرفه اعتقال او تعذيب او قتل احدهم.

٤. انتمى الى تشكيلات فدائيي صدام.

٥. عمل بصفة كادر قيادي في الاحزاب الكارتونية المناصرة لحزب السلطة ( حزب البعث العربي الاشتراكي المنحل).

٦. تثبت ادارته او انتماؤه لحزب السلطة في اقليم كوردستان او استمرار نشاطه بعد انتفاضة اذار١٩٩١ المجيده.

٧. تثبت عضويته اواشتراكه في فرق الإعدامات.

٨. كان عضواً في المجلس الوطني العراقي اوالمجلسين التشريعي والتنفيذي في كوردستان العراق.

٩. عمل في السلك الدبلوماسي العراقي.

**المادة الثالثة:**

لايجوز اسقاط الحق العام او الحق الخاص بتشريع او قرارلاحق عن كل مشمول بهذا القانون نتج عن تصرفه ازهاق روح انسان او سجنه او تعذيبه.

**المادة الرابعة :**

يعاقب المخالف لاحكام هذا القانون بالحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات.

**المادة الخامسة:**

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

على الوزارات والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د.رۆژ نوری شاویس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم الأصدار : ١٩**
**تاريخ الأصدار : ٢٠٠٣/٥/١٩**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة(٢٥)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/٥/١٨وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم (١٩) لسنة ٢٠٠٣
## قانون إزالة آثار الإجراءات القسرية لتنفيذ سياسة التطهير العرقي(التعريب) في كوردستان -العراق

**المادة الأولى:**

تزال جميع آثار الإجراءات القسرية التي اتبعتها الحكومات العراقية الدكتاتورية المتعاقبة لتغيير التركيبة القومية لكوردستان –العراق وتعريبها وتعاد الأوضاع الى ما كانت عليها قبل تطبيقها وتتخذ بشأن ذلك مايلي:

**أولاً:** رفع اليد عن الأموال المصادرة والمحجوزة بسبب الانتماء القومي أو النشاط المناهض لسياسة النظام الدكتاتوري الى مالكيها الشرعيين.

**ثانياً:** يعاد كافة المواطنين من غير الكورد الى مناطق سكناهم التي استقدموا منها إذا كان إسكانهم في كوردستان– العراق تنفيذاً لسياسة تعريب محافظة كركوك والمناطق الكوردية من محافظتي ديالى ونينوى وأجزاء من محافظتي أربيل ودهوك ومشمولاً بإحدى الحالات الآتية:

١–استقدامه وإسكانه في كوردستان بهدف تبعيث مواطنيها.

٢–العمل في الأجهزة الأمنية القمعية(الأمن الخاص – المخابرات – الاستخبارات العسكرية – الأمن العام – فدائيي صدام).

٣–العمل في أجهزة ودوائر قوى الأمن الداخلي.

٤–لمصادرة حق مواطني المنطقة في التوظف والحلول محلهم في اشغال الدرجات الشاغرة.

٥–الحلول محل أحد الموظفين من السكان الأصليين للمنطقة لنفي أو نقل الأخير الى خارج المنطقة أو طرده من الوظيفة أو فصله أو إحالته على التقاعد أو حبسه.

٦–العمل ضمن تشكيلات قوّات الحرس الجمهوري للاشتراك في حملات الإبادة في كوردستان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٧–العمل ضمن الوحدات العسكرية للجيش العراقي المشاركة في حملات الإبادة في كوردستان.

٨–من تم استقدامه ضمن موجات الهجرة الرسمية المنظمة إلى كوردستان من المحافظات الأخرى تنفيذاً لسياسة التعريب سواء كان المستقدم متطوعاً أو مقابل امتيازات مادية أو معنوية.

**ثالثاً:** العمل على تعويض كافة المتضررين من جراء السياسات القسرية المشمولين بأحكام هذا القانون تعويضاً عادلاً من قبل الحكومة العراقية.

**المادة الثانية:**

العودة الى استعمال أسماء المواقع والمناطق والقرى والقصبات والمدن والنواحي والأقضية التي كانت سائدة قبل تعريبها.

**المادة الثالثة:**

يعاد ارتباط القرى والمدن والوحدات الإدارية المستقطعة من محافظات كوردستان الى ما كانت عليه قبل أتباع السياسة القسرية لتغيير التركيبة القومية لمحافظات كركوك — نينوى — ديالى.

**المادة الرابعة :**

تعاد الهوية القومية لكل مواطن أجبر على تعريبها وتصحيح سجلات الأحوال المدنية وفقاً لذلك.

**المادة الخامسة:**

**أولاً:** يستثنى من أحكام هذا القانون المواطنون العراقيون العرب المستقرون في المناطق المشمولة بإجراءات التعريب في الحالتين الآتيتين:

١–إذا كان المواطن العربي من سكنة كوردستان ومتواجداً فيها أثناء عملية التعداد العام للسكان لعام ١٩٥٧.

٢–إذا كان قد أستقر في كوردستان ونقل سجله للأحوال المدنية إليها قبل ١٩٦١/٩/١١.

**ثانياً:** يكون للمواطنين العراقيين العرب المشمولين بالفقرة(أولاً)من المادة الخامسة أعلاه ما يتمتع به مواطنو كوردستان من حقوق مدنية وسياسية وثقافية واقتصادية واجتماعية.

**المادة السادسة:**

على مجلس الوزراء اتخاذ الإجراءات اللازمة لتنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د.رۆژ نوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ــ العراق**

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم
بإسـم الشـعب
المجلس الوطني لكوردستان – العراق
رقـم القـرار : ٣٥
تاريخ القـرار: ٢٠٠٣/٤/٢٠

## " قــرار "

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة و الخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق ، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٣/٤/٢٠ إصدار القرار الآتي :

**أولاً** : ترفع حالة الطوارىء في أقليم كوردستان العراق و التي تم فرضها بموجب قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (٣٤) في ٢٠٠٣/٣/١٩ لزوال اسباب فرضها.

**ثانياً** : لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار.

**ثالثاً** : على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**رابعاً** : ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ صدوره و ينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د.رۆژ نوری شاویس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بإسـم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقـم القـرار : ٣٦**
**تـاريخ القـرار: ٢٠٠٣/٥/٦**

## " قــرار "

استناداً لحكم المادة (٣٨) من النظام الداخلي للمجلس الـوطني لكوردسـتان ـ العـراق رقـم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وإلحاقـاً بـالقرار المـرقم(٢)في ٢٠٠٢/٤/٦، قـرر المجلـس بجلـسته المنعقـدة بتاريخ ٢٠٠٣/٥/٦ مايلي:

**أولاً:** إعفاء(صلاح الدين عبدالحميد)من عضوية لجنة الـشؤون الـصحية و الاجتماعيـة وإضـافته الى لجنة شؤون التربية والتعليم العالي.

**ثانياً:** تضاف (زهرا حاجي طه)الى لجنة التربية والتعليم العالي.

**ثالثاً:** يضاف (طارق محمد سعيد)الى لجنة الشؤون القانونية.

**رابعاً:** يعتبر هذا القرار نافذاً مـن تـاريخ إقـراره في ٢٠٠٣/٥/٦ وينـشر في جريـدة (ثرلمـان) ووقـائع كوردستان.

**د.رۆژ نـورى شـاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العـراق**

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بإسـم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقـم القـرار : ٣٧**
**تـاريخ القــرار: ٢٠٠٣/٥/١٢**

## " قـــرار "

استناداً إلى أحكـام الفقـرة (١) مـن المـادة الـسادسة والخمـسين مـن القـانون رقـم (١) لـسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضـه العـدد القـانوني مـن أعـضاء المجلـس الـوطني لكوردسـتان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/٥/١٢إصدار القرار الآتي:

**أولاً :** يعلن المجلس شكره وتقديره لقوة حفظ السلام (Peace monitoring force (P.M.F لـدورها الملحـوظ وعملـها الـدؤوب في إعـادة الوئام والسلام الى ربوع اقليم كوردستان العراق.

**ثانياً:** يطلب المجلس من قوة حفظ السلام إنهاء تواجدها في الاقليم والعودة الى الجمهوريـة التركيـة الصديقة بعد أن أكملت مهمتها.

**ثالثاً:** على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**رابعاً :** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د.رۆژ نـورى شـاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العـراق**

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار : ٣٨**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٣/٥/١٨**

# " قرار "

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٨/ ٢٠٠٣/٥إصدار القرار الآتي:

**أولاً:** يستمر مجلس نقابة المحامين لإقليم كوردستان العراق في إدارة شؤون النقابة لمدة سنة واحدة اعتباراً من تأريخ انتهاء مدة دورة المجلس الحالية.

**ثانياً:** لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**ثالثاً:** على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**رابعاً:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د.رۆژ نوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com